حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين - اربيل
مكتب رئيس الجامعة

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT – IRAQ / COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION & SCIENTIFIC RESEARCH / SALAHADDIN UNIVERSITY – ERBIL
OFFICE OF PRESIDENT


ژمارە: ١٠٦٣٦/١/١
ڕێکەوت: ٢٨/٩/٢٠١٧ زایینی
/ / ٢٧ کوردی

No.:
Date: / / 201

**بۆ / گشت کۆلێژ وبەڕێوەبەرایەتی و سەنتەرەکانی سەر بە زانکۆ**

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**

**مامۆستایانی قەدرگران**

**کارمەندانی بەرێز**

**قوتابیانی خۆشەویست**

**ئێمە لە کاتێکا ساڵی نوێی خوێندنمان دەست پێ دەکەین، کە نەتەوەکەمان بە قۆناغێکی ئێجگار هەستیاردا تێدەپەڕێ و گەلەکەمان دوای زێتر لە یەك سەدە لە خۆ ڕاگرێ و قوربانی دان و قاتو قڕ کردن بە ئەنفال کردن و و کیمیا بارا ن و بێ سەرو شوێن کردن و ڕاگوێزان وسوتاندن و کاول کاری لە لایەن ڕژێمە شۆڤینی و دکتاتۆرەکانی پێشوو ،ئەمجارە ڕژێمە مەزهەب پەرستەکانی ئەمڕۆ کە ئێمە بە نیەت پاکی و بڕوای ڕاستگۆیانەمان بە دیموکراسیەت و وڵات پارێزی و ئاشتی پارێزی دوای ڕوخانی ڕژێم دەستمان خستە نێو دەستیان بۆ ئەوەی بە یەکەوە عیراقێکی یەکگرتوو دروست بکەین کە بناغەکەی لە سەر برایەتی و یەکسانی و مەبدەئی شەراکەت و تەوافوق بونیات نرابێت ، بەو ئامانجە پیرۆزە پێکەوە دەستوورێکمان بۆ ئەو وڵاتە دارِشت ،کە ڕەنگدانەوەی خواست و ئاواتەکانی گەلانی عیراق بێت بە هەموو نەتەوەو ئایین و مەزهەبەکانییەوە، ئاواتمان بوو ئەو دەستوورە بۆ هەمیشە ڕێگە نیشاندەرمان بێت بۆ قەرەبوو کردنەوەی ڕۆژانی ڕەشی ڕابردوو، چرایەك بێت بۆ هیوای ئایندەمان، کەچی ئەوەندەی نەبرد و مەزهەبیەکان دەسەڵاتی خۆیان سەپاندو دەستیان کرد بە پێشێل کردنی ئەو دەستوورەو دروست کردنی حەساسیەتی نەتەوەیی و مەزهەبی و نەهێشتنی شەراکەت و بڕوای تەوافوق و لاواز کردنی دەورو بەری خۆیان و پێشێل کردنی مافەکانیان، تا ئەو پێشێل کاری و حەساسیەت و شۆڤینیەتە گەیشتە ئاستێك کە کورد بەرگەی نەگرێ و ناچاری ئەوە بێت بە دوای ڕێگە چارەی گونجاودا بگەڕێت ، بۆ دەستە بەر کردنی مافەکانی، ئەوەبوو بڕیاری گەل لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوو بۆ ڕاگەیاندنی پرۆسەی ڕیفراندۆم و بژارکردنی سەربەخۆ بوون و کۆتایی هێنان بە ئەشکەنجەو ئازاری زێتر لە سەدەیەك .**


زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – ڕێگای کەرکوك
ژ. تەلەفۆن: 00964(0)66 2261798
Web-Site: www.su.edu.krd

ژمارە: ١٠٦٣٦ /١/١
ڕێکەوت: ٢٤/ ٩/ ٢٠١٧ زایینی
/ / ٢٧ کوردی

No.:
Date: / / 201

بۆئەو ئامانجە پیرۆزە گەلەکەمان بە زۆرینەی حزب و هێزە سیاسی و ئاینییەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان بە رۆحێکی نەتەوەیی بەرزو بڕواییکی پۆلآیین بە دۆزی ڕەوای نیشتمانەکەیان ریفراندۆمی سەربەخۆییان راگەیاند و لەو ئەزموونە نەتەوەیی و نیشتمانییە کەم وێنەیەدا سەرکەوتنێکی گەورەیان بۆ مێژووی نەتەوەکەیان بە دەست هێنا ، کە تا مێژوو مابێت شانازی پێوە بکرێت ، کە بێگومان گەلەکەمان بە تێکڕای چین و توێژەکانییەوە رۆڵی کارایان هەبوو لەو سەرکەوتنە ، بەلآم رۆڵی زانکۆ کە زۆرێك لەو مامۆستا خاوەن ئەزموون و قوتابیە گەنج ولاوە دڵ گەرمانەی لە خۆ دەگرت، رۆڵێکی سەرفیرازو جیاوازییان هەبوو لەو سەرکەوتنە گەورەیەدا، ئەمەش جێگەی شانازی هەموو لایەکە .

مامۆستایانی بەرێز
قوتابیە خۆشەویستەکان
ئێمە ئێستا لەو هەلو مەرجەی دوای ریفراندووم ئەرکمان لە قۆناغی پێشووتر سەختر و قورستر دەبێت ، چونکە ئێمەین بۆ قۆناغی سەربەخۆ بوون دەبین بە بناغە بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی مەدەنی کە لە سەر زەمینەیەکی زانستی و دیموکراسی و یاسایی دروست کرابێت و لە ئایندەدا هاوکوف بێت لە گەڵ ئەو پێناسەیەی کورد کە لە هەموو جیهاندا شانازی پێوە دە کرێت ، دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە ئێمەی کورد چۆن بە بڕوا بە خۆ بوون و قارەمانیەتی و مقاوەمەت کردن دژی تیرو پارێزگاری کردن لە ئاشتی و ئارامی ناسراوین ئاواش لە گۆڕەپانی زانستی دا توانست و ئیرادەی خۆمان بسەلمێنین و پێشکەوتنی دیارو بەرچاو لە بواری زانستی دا بە دی بێنین ، ئەرکی هەرە سەختی ئایندەی دەوڵەتی کوردی دەکەوێتە ئەستۆی تاکە تاکەی ئێمەی مامۆستایان و قوتابیان و فەرمانبەرانی زانکۆ ، بۆ ئەوەی وەك نەوەیەکی نوێ ئەرکی هوشیار کردنەوە و بە مەدنی بوونی گەلەکەمان بگرینە ئەستۆ، دەست پێشخەر بین لە بونیاتنان و ئاوەدان کردنەوە بەرەو پێشەوە بردنی ئەو ئەزموونە کە کورد بە لافاو خوێنی لە پێناودا رشتووە .

حكومة اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين - اربيل
مكتب رئيس الجامعة

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئه نجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی بالاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT – IRAQ / COUNCIL OF MINISTERS
MINISTRY OF HIGHER EDUCATION & SCIENTIFIC RESEARCH / SALAHADDIN UNIVERSITY – ERBIL
OFFICE OF PRESIDENT

No.: 
Date: / / 201

ژمارە: ١٠٦٣٦/١/١
ڕێکەوت: ٢٨/ ٩/ ٢٠١٧ زایینی
٢٧ کوردی / /

ئێمە دڵنیایین ئەو قۆناغە نوێیە دەبێتە فاکتەرێکی بە تین بۆ جولانەوەی حەماسی نەتەوەییمان و گرد بوونەوە لە دەوری یەکترو کۆتایی هێنان بە دوو بەرەکی و ڕاماڵینی دیاردە تاڵەکانی رابردوو ، چونکە ئەو ئاسۆ نوێیەی بەڕێوەیە موژدەی گەورەی پێیە بۆ کۆتایی هاتن بە ئەشکە نجەو ئازاری گەلەکەمان و چاوەڕوانیە دوورو درێژەکا نمان ، موژدەی گەورەی پێیە بۆ لە دایك بوونی وڵاتێك ئاسوودە بە پێکەوە ژیان و نموونە لە دیموکراسیەت و پێشکەوتوو لە فیکرو زانست و سەرفیراز لە ئاشتی و تەبایی ..
ساڵی نوێتان پیرۆزکە ساڵی ئومێدی گەورەو ساڵی هەلاتنی ئاسۆی سەربەخۆبوونە ... پیرۆزەو هەر سەرکەوتوو بن .

پ.ی.د. احمد أنور دزەیی
سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
٢٨ ئەیلول ٢٠١٧

وێنەیەك بۆ//
- نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ بەرابیەکان
- نووسینگەی یاریدەدەرانی سەرۆکی زانکۆ/ لەگەڵ رێزدا.
-دەرکردە.